شاعیری نەفرەتلێکراو (ئەنسی ئەلحاج و قەسیدەی پەخشان) ... عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا

(1)

شاعیر ئەنسی ئەلحاج لە پێشەکی کۆمەڵە شیعری (لن) هەر تەنها شاعیرێکی یاخی نییە، بەڵکو شاعیرێکی نەفرەتلێکراویشە... هەر تەنها هاوارێکی جیاوازی شیعری نەبوو، بەڵکو هەرشێکی دژەخی بوو، بۆ سەر چوارچێوەی شیعری و کلتوری سونەتگەرایی... ئەنسی ئەلحاج لە نێوان هۆشیاری ڕەخنەیی و قەسیدەی شیعری ئازاد و قەسیدەی پەخشاندا ئاگاییەکی نوێی لە قەسیدەی پەخشاندا هێنا ناوەوە، دەمەوێ بڵێم ئاگایی ئەنسی ئەلحاج پەیوەندی بە ڕەشنبیریی شیعری جیهانییەوە هەبوو، بۆیە وەك ڕووداوێکی ئەدەبی لە بەرجەستەکردنی قەسیدەی پەخشان و چۆنێتی گەیاندنی بە خوێنەران زۆر بە جوانی ڕەنگی دایەوە.
قەسیدە دنیایەکی داخراوە بەسەرخۆیدا، هیچ ئامانجێکی زەمەنی نییە. شیعر دێ لە دەدانە. پەخشان گۆڕانەوەیە... قەسیدە کورتبڕی لە هەموو هۆیەکانی دەربڕین دەکات. ڕەگەزی یەکەمی شیعر موزیکایە. شیعر ئەوە دەڵێ کە گوتراوە و پەخشان ڕوو لە شتێ دەکات و دەیدوێنێ، هەموو چرکەکانی گوتار بە هی خۆی دەزانێت، موزیکا لە پێکهاتەی پەخشاندا بوونی دەکەوێتە لەرزەوە. لە شیعردا شاعیر پێش خوێنەر دەکەوێت، چونکە ئەو ئامرازانە ناس دەکات، کە شیعری پێدروست دەکرێت، هەمیشە شیعر لە ڕێگای لەرەی موزیکاوە دەچێتە دڵی خوێنەرەوە، ئەوەی شاعیرێکی کۆنەپەرست و خوێنەرێکی کۆنەپەرست بەیەکەوە دەبەستێتەوە چارەنووسە!
ئەگەرچی لە نێوان داشتنی شیعر و پەخشاندا جیاوازییەکی بەرچاو هەیە، بەڵام ئەوەی جێی گومان نییە ئەوەیە، کە هەموو کەلەپورە زیندووەکانی دنیا شیعری مەزنیان لە پەخشان پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردووە، هەر لەبەر هەندێ ئەمڕۆ شیعر بە کێش و سەروا ناناسرێتەوە. ئەوەی بەردەوام ڕێگا لە شیعری پەخشان و قەسیدەی پەخشان دەگرێ کێش و سەروایە. لێرەدا شیعری بە پەخشانکراو، پەخشان نییە، وەك چۆن قەسیدەی بە پەخشانکراو، پەخشان نییە.

شیعری لیریکی هەیە، بەڵام پەخشانی لیریکی نییە، قەسیدەی پەخشانی

نزیکە لە گ‌ەانەوە، قەسیدەی پەخشانی بێ ریتمە وەك ئەوەی (سان جۆن پێرس) دەینوسی... قەسیدەی پەخشان خاوەنی جیهانبینییە، ئەزموونکی قووڵ و بەهێزە، بەو پێشنگانە دەناسرێتەوە کە بۆاوی دەکاتەوە وەك قەسیدەکانی هینری میشۆ و ئارتۆ...!
هەموو قەسیدەیەك وەك پێویست کورتە، بەڵام کورتبڕی زۆتر لەسەر پەخشان جێبەجێ دەبێت، نەك قەسیدە... قەسیدەی کێشدار زۆتر پێویستی بە یەکگرتنە، نەك گەانەوە بێ سەرچاوە... قەسیدەی پەخشان پێویستی بە ئامرازی گ‌ەانەوە، وەسف، ئەزموون، جیهانبینی... هەیە.
سوزان بیرنار دەڵێت پێویستە قەسیدەی پەخشان لە پێناو درەوشانەوە، کورتبڕی بکات! هەموو قەسیدەیەکی پەخشان پاڵنەرێکی ئاژاوەیی لە پشتە، رووخێنەرە، وزەیەکی ئەندازەیی تەدایە، راپەڕینە بە دژی کۆتوبەندە... رامبۆ دەیویست بەسەر زماندا زاڵ بێت و کورتبڕی لە (بڕان، دەنگ، رەنگ...) بکات... قەسیدەی پەخشان لەسەر درەوشانەوە، نەفرەت، شۆتایەتی... وەستاوە، هەمیشە هەڕەمەکی خۆی نیشان دەدات! قەسیدەی پەخشان کاری شاعیری نەفرەتلێکراو و بەرهەمی نەفرەتلێکردنە... لە قەسیدەی پەخشاندا شتێك نییە پێی بڵێن کۆتایی.

(2)

ئەنسی ئەلحاج پەیامبەری دۆزەخی زمان، بەردەوام بە دوای ئامانجە مرۆییەکانەوەیە، بە دوای خۆشەویستی، بە دوای مرۆڤدۆستی... شیعر لای ئەو خۆراکی خودە، ئافرەت لای ئەو ئەلتەرناتیفی ژیانە، منداڵی لای ئەو پشتگوێخستنکی فریشتەییانەیە لە رەشەبا دەمانپارێزێ، لە نێوان ناپاکیکردن لە زمان و پووچگەرایی ژیان و وڕانکردنی شتەکان هەمیشە وەك بیابان تینووە.
ئەنسی ئەلحاج شاعیری رچەشکێن و هەرەمە دەست بێ نەبراوەکان، شاعیری نەست و ناخ و زمان... قەدەغەکراوەکانی لە نێو زماندا چەسپاند، دەست بێ نەبراوەکانی لە زمان و لە سەر ئاستی بیرکردنەوە بەرجەستە کرد...
بەڵام شیعر هەر تەنها بە مەسەلە قەدەغەکراو و دەست بێ نەبراوەکانەوە پەیوەست نییە، شیعر بە حەقیقەت و ژیان و خەونەوە بەندە، شیعر هەر تەنها راستگۆیی و بوێری نییە، شیعر چۆنێتی تەعبیرکردنە لە ژیاندۆستی، لە مرۆڤدۆستی، گەانی بەردەوام و بەجۆهۆنانی زۆتری خۆشەویستی و چۆژ و خۆشییە...
مەرج نییە قەدەغەکراوەکان هەمیشە قەیران بنێنەوە، بەڵام هەموو رچەشکێنییەك ئامانجی رچەشکاندنە، ئەوە بەو مانایە دێت، کە هەمیشە وزەی ژیان بە هێزترە لە مردن، ئەوە بەو مانایە دێت، کە یاخیبوون

کۆتایی نییە.

(3)

تێگەیشتنی باو ئەوەیە کە پەخشان پەخشانە و شیعر شیعرە، کەواتە ئەو میکانیزمانە چین کە قەسیدەی پەخشان بەرەو شیعر دەبات، یان شیعر لە قەسیدەی پەخشان خەلق دەکات، بێ ئەوەی وەك پرنسیبێکی بنەڕەتی بە سەرچاوەی پەخشانەوە گرێ بدرێت! ئەنسی ئەلحاج لە پێشەکی کۆمەڵەی (لن) بەرانبەر ئەو دیدە باوەی کە شیعر و پەخشان لێکجیا دەکاتەوە پێیوایە لە نێوان شیعر و پەخشاندا پردی بەیەکگەیشتن هەیە! ئەگەرچی پێیوایە پەخشان و شیعر نکۆیی لە یەکتر دەکەن، چونکە شیعر دەبێ ئەوە بێت، کە لە دەرەوەی پەخشاندا دەنوسرێت، بەڵام پەخشان نەرم و کراوەیە، شیعر رێکخراو و مەبەستدارە، پەخشان هەمن و جێگیرە، شیعر گرژە، شیعر نە زەمەنییە و نە پەیوەندی بە بارودۆخەوە هەیە، ئەوەش پێچەوانەی پەخشانە. پەخشان بەرهەمی عەقل و ئاگاییە، بەڵام شیعر بەرهەمی دەروونە، پەخشان گەیەنەر و رازیکەرە و شتەکانمان بێ دەسەلمێنێ، بەڵام شیعر درەوشاوە و ئاماژەخوازە…

کەواتە ئایا دەکرێ لە قەسیدەی پەخشان دەربچین؟ ئەو پرسیارە ئیشکالئامێزە یەکێکە لە پرسیارە ئاڵۆزەکانی پێشەکی کۆمەڵە شیعری (لن). بە بۆای من ئەو پرسیارە تەومژاوییە! دەمەوێ بڵێم دەکرێ لە بری (ئایا) بە (چۆن) پرسیارەکە راست کەینەوە: چۆن لە قەسیدەی پەخشان دەربچین؟ ئەگەرچی پرسیاری دووەمیش مەرج نییە راست بێت، بەڵام لەگەڵ پەیبردن بە قەسیدەی پەخشان زۆتر دەگونجێ… پرسیاری دووەم پرسی تایبەتمەندی و تاکگەرایی لەخۆدا هەڵگرتووە… ئەنسی ئەلحاج پرسیاری یەکەم بە (نەرێ) وەڵام دەداتەوە: نەخێر ناتوانین لە قەسیدەی پەخشان دەربچین. لە پشت ئەو وەڵامەشدا پرنسیبێکی چەسپاو هەیە، ئەویش ئەوەیە کە بنەمای شیعر پەخشانە! پرسیاری یەکەم پێمان دەڵێت قەسیدەی پەخشان بە پەخشانەوە بەندە و دەکەوێتە ژێر کاریگەری جۆرەکانی وەسف و ناونانەوە، بەڵام پرسیاری دووەم ئەو پرسیارەی هەوڵی فۆرمەلەکردنمان داوە پێمان دەڵێت قەسیدەی پەخشان بنەماکەی لە سەر پەخشان نەچەسپاوە، بەڵکو قەسیدەی پەخشان بنەماکەی شیعرە، دواجاریش دەمەوێ تێختری بکەمەوە و بڵێم پەخشان رەگەزێکە لە رەگەزەکانی شیعر… شیعری داهێنەرانە هەموو رەگەزەکانی قەسیدە و پەخشان لە ئاستێکی باڵادا خەلق دەکات، داهێنانیش لە ئاستە باڵاکانی زماندا دەدزێتەوە.
کەواتە لە نێوان شیعر و پەخشان مەسافەیەکی ئیستێتیکی و

دەربێنێکی بەرفرەوان هەیە، وەك چۆن مەسافەیەکی جوانی لە وەرگری جۆراوجۆردا دروست دەکات. بەو مانایەش دەشێ پرسیاری ئەنسی ئەلحاج: ئایا دەکرێ لە قەسیدەی پەخشان دەربچین؟ مەبەستی لە پەخشانێك بێت، کە مەسافەیەك لە شیعر نزیك دەبێتەوە…

(4)

شیعری ئەنسی ئەلحاج رووتە وەك ئادەم و حەوا بەر لەوەی لە بەهەشت دەربکرێن، وشە رووتەکانی بێ ئەوەی هەست بە شەرم بکەن، روو بە رووی دنیا دەبنەوە، هەموو وشە رووتەکانی لە قەسیدەکانیدا سەر بەرزانە دەوەستن، بێ ئەوەی خۆیان بە جوانکاری خەریك بکەن، بێ ئەوەی خۆیان دەمامك بدەن، هەر تەنها بە رووتی سەما دەکەن، بێ ئەوەی کراسی خوازە و چوارشێوی رەوانبێژی بپۆشن! وشەکان لەو مانایانە دەردەچن، کە ئێمە دەیانزانین، ئەنسی ئەلحاج لە ناوان شیعر و خۆشەویستی، یەکەمیان بە گوتنی بێدەنگ دادەنێ و دووەمیان بە کردار… ئەو چەند شیعرەی ئەنسی ئەلحاج بە بێدەنگی بخوێننەوە:

پلان
لە ناوان سنۆبەرەکاندا هاوارت دەکرد، بای دەنگت بەرەو ناوەوەم دەهات، بێدەنگیت هەڵگرتبوو
خۆت لە پەنا سنۆبەرەکاندا حەشاردابوو، دەگەمە هاوارت، دەگەمەوە بێ ئەوەی نەمبینیت
لە ناوان سنۆبەرەکاندا هاوارت دەکرد، ئازیزەکەم وەرە
من لە پەنا سنۆبەرەکانم، بێ ئەوەی نەمبینی، لە هیکەوە بەرەو رووت دەبمەوە، تۆ رادەکەی

سەرچاوە:
*أنسی الحاج دیوان (لن)- المقدمه.گ3. دار الجدید. بیروت 1994 ص27..
—

بەیانی و نیو
(1)
هەر لە بەیانییەوە دەرگا لە بەر دەمت کراوەیە تا بەیانی و نیو
(2)
بە کراسەکەتەوە وەکو گردێکە دانیشتوویت. باران هێدەکا و دەپاڕێتەوە، مارێ دەخزێ وەك شیر لە گردێکە قیت دەبێتەوە، بە تووندی هەناسە دەدەی.

(3)
ڕەنگی دەمت، بۆنی دەمی سێوە.
(4)
کاتژمێر شەوە دوای شەو و نیو، خۆشەویستەکەم لە بان ئەو شەوە ماڵێکی هەیە، لەو ماڵەکەدا ژوورێکی لە نیوە شەو دروست کردووە، لەوێ سەیرم دەکا و نامبینێ، کاتێ دەمم دەوا و نامبینێ، چرا هەڵدەکا و نامبینێ.
لە کاتی خۆی دەخەوێ، خەون بە پەنجەرەوە دەبینێ، دەترسێ لەوەی شەماڵ داگیریکا.
(5)
لە تاریکی چاوم لێبکە، دەنگت کزکە و بڵێ
دەنگت لە گەروومم وەك مووژ دیارە.
سەرچاوە:
*- أنسى الحاج ديوان (ماژا صنعت بالژهب ماژا فعلت بالوردە) گ2 دار الجديد. بيروت 1994ص51.

یاخی بوون، یان ماندوونەناوخۆیاڵی کۆتایی مافیاگەری..! .. سەروەرکەریم

زۆرینەی زۆری فیکروئایدیاکان ،لەسەرئەوبنەمایە بووجودهاتوون کاتێک کەمەگای مرۆڤایەتی دووچاری زوڵم وزۆروچەوساندنەوەی دەستاتجراوجۆربووەتەوە. فکروئایدیا بۆرهەم هاتوکان زۆربەی جارگشتگیربوون و تایبەت نەبوون بەکەمەگایەکی دیاری کراو، بەقەدرئەوەی گشتگیربوون بەکۆتایی هێنانی چەوساندنەوەکان بگشتی .
گەیشتنی مرۆڤ بەبیرکردنەوە لەشێوەی واپێین ،ئەگەر زۆرنەگەینەوە بە سەرتای مێژوو،لەسەردەمی ئاپێینی سپارتاگەسەوە سەیری مێژوو بکەین ،ئەوا استیمان بۆئاشکرادەبێت لەهەرشوێنێک چەوساندنەوە زوڵم هەبێت یاخی بوون و بۆرنگاربوونە بۆشەوەی جۆراوجۆر دژتەبوون دەبێتە جێگای ئومێدی تاکەکان و ئەوتاکانی

سەرتا یاخی بوون هەڵدەبژێرن دەبنەسمبوڵی بەرنگاربوونەوە لای چەوساوەکان .

زۆرن ئەومرۆقانەی بوونە تەسمبوڵی بەرنگاربوونەوەی زوڵم وزۆرچەوسێنەرەوەی دەسەڵات دارانو بەردەوام ئامادەیان هەیە لەنەستی چەوساوەکاندا.مانەوەی سپارتاکۆس و لەسەدەی بیست دا گیڤاراو دەیان کەسی یاخی و شۆڕشگێڕی تر ئەو ڕاستیە دەسەلمێنێت تاچەوساندنەوە بوونی هەبێت بیری یاخی بوون و شۆڕش و سمبوڵکانی بەردەوامی هەیە.
لەدنیای ئەستای ئەمدا چەوساندنەوەکان گەیشتونەتە لوتکەی ستەمگێڕی ونادادپەروەری ،کەواتە بۆچی تاخی بوون و شۆڕش وەک سەدەی بیست ئامادەیی نی یە ،ئەمە ئەوپرسیارەیە کەدەبێت چەوساوەکان بۆشوێن وەڵامەکەی دابچن بیرکەی یاخی بوون وشۆڕش بژێننەوەو هەوڵی کەتایی بەچەوساندنەوەکان بدەن .
ڕەنگە بۆشکی ئەوەی ئەستا شۆڕش ئامادەیی نی یە دگەڵتەوە بە بۆشک لەشۆڕشکانی ڕابوودوو، بەرلەسەرکەوتنیان بەڕێنی گەریان بۆچەوساوەکان دا، بەڵام کەسەرکەوتن پێچەوانەی بەڕێنکانیان بەهەمان ئەندازەی دەسەڵاتی چەوسێنەری پشوبڕبووگیانی چەوساوەکان و دووچاری ڕەشبینی کردن بووی چارەکی ترپەنا بۆشۆڕش و یاخی بوون نەبەبن کەهەمان دەرئەنجامی هەبێت ،وەک نوسەرەکی ئیسپانی دەڵێت شۆڕشگێڕکان وایان لەکردنین بەناچاری بیرکەی شۆڕش ڕەتبکەینەوە.

بە ئومێدبوون بۆشۆڕش و ڕاپەڕین و یاخی بوون تارمایەکی گەورەیە بەربینی چەوساوەکانی گرتووە،ناتوانن لەخەیاڵ و وەهمی نەبینینی گەڕانکاری کەتایی هاتن بەچەوساندنەوەو مافیاگێڕی دەربچن و خۆشخەیاڵ بن بە سیناریۆی دەسەڵات ستەمگێڕومافیاکان بەناوی دیموکراسی و گاڵتەجاڕی هەڵبژاردن.
خامۆش بوونی دەنگەکانی بەرەوشۆڕش جیهانی گەیاندوە بەئاستەک هەژاری و برسێتی و جەنگەکانی جەمسەرەکانی دنیای سەرمایەداری بەسکیان لەهاوڵاتیان بەیوە، بەجۆرەک ملیۆنان ئینسان لەخوارهەڵی هەژاریەوە ژیان دەگوزەرێنن ..ملیۆنان مرۆڤ بەهۆی جەنگ و کاولکاری زلهێزەکانی سەرمایەداریەوە ئاوارەبوون و لەووڵاتان لەژێرخەمۆو بە مافی داژیان دەگوزەرێنن .ئەم هەموو بە مافیە بۆچی کەتایی دێت خەیاڵکردن بۆچاکسازی و ڕیفەرمی باڵەجۆراوجۆرەکانی سەرمایەداری و بڕۆن دان بەبەهشتی دیموکراسی ،یان جیهان دەبێت بیرلەگاچارەتربکاتەوە لە بیابانەکانی خەیاڵ دەربچێت و هەنگاو

بەشەش بنەت.

گەیشتنی نیزامی سەرمایەداری و مافیاگەری بەبەربەریرت ،لە ئەمریکای باوکی نیزامی سەرمایەداری تادەگات بەدەستەاتی مافیاگەری بنەماەکانی کورد یەک شت دەگوزەرت هەژاری و نەداری و نەبوونی ئازادی و دادپەروەری و هەموپاساوەکانی ئەم نیزامە نامرۆقانەیە دیموکراسیەت و گاتەجاری هەبژاردنی هەرچوارساڵ جاریکە بەماناوە بەردەوام بوونی چەوسانەوەکان ..لەکاتێک دائەو ئاستیە دەمکە سەلماوە دیموکراسیەتی سەرمایەداری و سیناریۆی گاتەجاری هەبژاردنی چوارساڵ جاریک و گەیینی ئەم دەموچاو بە هاوشێوەکی ،تەنها خشخیاڵیەو هیچ لە بنەماکانی چەوسانەوە بە مافی نەبوونی ئازادیەکان ناگەەت .

ژیان لەخیاڵی چاکسازی ئیفەرمی ئابوری هیچ نی یە،جگە لەگەوجاندنی ئینسانەکان و وادارکردنیان بەوەی بەخیاڵی ژیانێکی باشتر چاوەەوان بن ،لەکاتێدا هەرگیز دەستەاتە مافیاگەریەکانی سەرمایەداری باوەیان بەماف و ئازادیەکانی ئینسانەکان نی یە و تەنها بەئومێدی ژیانێکی باشتر فریویان دەدەن و مانەوەی خیان مسۆگەردەکەن .
جەنگەکان هەدەگیرسێنن بەناوی مافی مرۆڤ و هەزاران ئینسان دەکەنە قوربانی کەەکەکردنی زیاتری سامان و فراوانکردنی دەستەاتیان ،ئەمەش بە خزمەت بەمرۆڤایەتی بەمرۆڤ دەفرۆشنەو.ئەم ئاستیە بە هەموو دەستەاتەکانی سەروئیرادەی خەەک ئاستە ،ئەوەتا لەژێرسایەی دەسەلاتی سەرانی مافیای هەردووبنەماەی بارزانی و تاەبانی دا ٢٨ساەە خەەکی کوردستان دەگەوجێنن بەناوی چاکسازی باشترکردنی ژیان ،لەکاتێک دا لەماوەی دەستەاتی مافیای و سەرکوتگەریان ملیارەها دەلاریان لەسەرژیان و قوتی خەەکی کوردستان کەەکەکردوەو هەرچوارساڵ جارێکیش لەەگەی گاتەجاری هەبژاردنەو و بەهاوبەشی لەگەڵ تەواوی سەرانی مافیای کوردستان بەدەستەاتی هەڤیانیان دەدەن و خەەکی کوردستانیشیان لە خیاڵی باشبوونی ژیاندا ئاگرتوە.

کاتی ئەویە خەەک خیان ئزگارکەن ،لەخیاڵی چاکسازی و گەەانکاری لەژیانیان لەسەردەستەاتی مافیاگەری کوردی و هاوبەشەکانیان ،دەبێت خەەکی کوردستان پێننا بە دەرچون لەخیاڵ بەرن و کۆتایی بە نەهامەتیەکانیان بهێنن ،هیچ بوارێک بە خیاڵی چاکسازی بوونی نی یە ،یان دەبێت ئەو دەستەاتە مافیاگەریە بەوشیوەیە قبووڵ بکەن و بەهەموسوکایەتی و بە مافیەکان ،یان دەبێت لەوەهم و خیاڵی

چاکسازی دەربچن و کۆتایی بەدەستهاتی مافیاگەری بهێن و بەماف و ئازادیەکانتان بگەن.

هەندا
٢٨/١/٢٠١٩

کتێبی: وزە... نووسینی: هەندا بایرن... وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. تریسکە محەمەد دەشتی

ناوی کتێب: وزە
بابەت: زانستی
نووسەر: ڕەندا بایرن
وەرگێڕ: تریسکە محەمەد دەشتی
هەڵەچن: نووسەر
نەخشەسازی: جەوهەر فەتاح
تیراژ: 500 دانە
چاپ: چاپی یەکەم.


لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی) (ی
ساڵی)2018(ی پێدراوە.



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

کتێبێک بە زمانی ئینگلیزی__ خۆت بدۆزرەوە… نووسینی: د. تریسکە دەشتی

Find Yourself



بۆ خوێندنەوەی ئەم کتێبە کلیکی ئێرە بکەن .....

لە پێخەمبەرانەوە بۆ پێخەمبەری زەوی! … نوسینی: کارل مارکس

وەرگێڕانی بۆ کوردی : سەردار عەبدوڵا حەمە ...

لە پاش ئاشکرا بوونی نەبوونی دونیای ئەودیوی ئاستی دەبێ ئاستی ئەم دونیایە هەستەنگێرت ئەمە بە ئەرکی مێژوو دائەنرێت لەپێشدا ئەمە ئەرکی فەلسەفەیە کە دەبێ ئەم خزمەتە بە مێژوو بکات . بنچینەی پێخەمبەرانە نائاینی ئەوەیە ؛ کە مرۆڤ ئایین دروست دەکات نەک ئایین مرۆڤ دروست ئەکات ، لە ئاستیدا ئایین هوشیاری وپێشبینی خودێ لە لایەن مرۆڤەوە لەوکاتەدا کە هێشتا خودی خۆی نەدۆزیوەتەوە یا خۆی وون دەکاتەوە جارێکی تر ، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە مرۆڤکان دابەاو نین ولەجێگایەکدا نین لە دەرەوەی ئەم دونیایەدا بن .

مرۆڤ دونیای مرۆڤ ،دووتە ، کەمەگایە وە ئەم دووت و کەمەگایش ئایین بەرهەم دێنن ؛ هوشیاریکی پێچوانە (لنگوقوچ) دێدن سەبارت بەم دونیایە چونکە خۆیان دونیایکی پێچوانن .ئایین تیاری گشتی ئەم جۆرە دونیا یە، بە کورتیکەی ئاین دەتوانێ پێگەی خۆی لە ناو خەڵک بکاتەوە بەوەی کە گیانکی شارەزت مەندانەیە ،هاندەرکی باشبۆ خەڵک ، پاداشی بۆ بەهشتی خەڵک داناوە ، ترس دڵخاتە دڵی خەڵکەوە ،مەراسیم وپرسی مردووانی خەڵک دائینە ئەمانن جێگای ئایین دەکانەوە لە ناو خەڵکدا .

ئایین جۆرجۆ کاری خیاڵاتی جۆرە مرۆڤکە کە بوونی نیە لە واقیعدا ، ئەنجا دەتوانین بڵێن بگەین وەستانەوە لە بەرانبەر ئایینداا بڵێن دەبێت کە لەبەرانبەر ئەو دونیایەدابوەستیتەوە کە ئایین لە هەناویدا دروست دەبێت .ئەو خشیە ی ئایین وەک مژدە دێیداهەر لەم واقیعەوە ولە م دونیایەوە وەری گرتووە کەچی خۆی ناڕازیە لەم دونیایەدا بەدەست بێت لە بەرانبەریدا دژایەتی دەکات .ئایین بە کار دێت بۆ فریودانی خەڵکی ستەملێکراو ، ئایین دڵی جیهانکی بۆ دەڵێ ،ئایین گیانی هەلومەرجکی بێ گیانە ، ئایین تلیاکی(بۆ هۆشکەری) خەڵکە .

کاتێ ئایین نامۆنە واتە بەهشتی خیاڵی نامۆنە وبەهەشتی واقیعی دێتە بوون واتە مرۆڤ واز لەوبیرانە دێنە کە ناواقعین لە سەر بارودۆخی خۆی ، لەهەمان کاتدا واز لەو باردۆخە دێنە کە بیری ناواقعی بەرهەم دێنیت ، هەر بۆیە ڕەخنە لە ئایین ڕەخنەیە لە دڵی(شیوی) ئەو فرمێسک وناخشیانەی کە ئایینی تیدا لە دایک بووە .

ڕەخنە لە ئایین بۆ ئەوەیە ئەو کلێشە وهەمیانە لابەات کە گوڕکانیان داپشیوە لە بەر ئەوە نیە کە دیمەنی گوڕکانی ناشرین کردووە بەڵکو لە بەر ئەوەیە هەر کلێشکان نەهێڵێت و لە جیاتی گوڵی دروستکراومرۆڤ گوڵی زیندوو بەرهەم بهێنێت ، ڕەخنە لە ئایین ، ئەفسانکانی مرۆڤ تێک دەشکێنێت تا بیر بکاتەوە ، تا چالاک بێت ، تا واقعی مرۆڤ بوونی خۆی دروست بکات بەو سیفەتەی مرۆڤک بێت بۆ بیری ئەفسانویانە بژی و بگاتە حاڵاتی ژیری وکامە بوون ، وە بۆ ئەوەی بۆ دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە واتە سوانەوە بۆ دەوری خۆی ئاستەقینەی خۆیدا،چونکە وای لی کراوە لە لایەن ئایینەوە بۆ دەوری خۆڕکی نادیاردا بسوڕێتەوە .

لە پاش ئاشکرا بوونی نەبوونی دونیای ئەودیوی ئاستی دەبە ئەست ئەم

دونیایە هەستنگنرێت ئەم بە ئەرکی مژوو دائنرێت لێپشدا ئەم ئەرکی فەلسفەیە کە دەبێ ئەم خزمەتە بە مژوو بکات،ئەمش بەو دەبێت ئەو هواڵەتە پیرەزی کە بە مرۆف دراوە وەک کەلەیەک سیری خۆی بکاو خۆی تێدا بینێتەوە ،یسوا بکرێت ، وئەو ماسکی بە مرۆڤەوە کراوە بە ئەوی خۆی بەخۆی نامە بێت، لە کرێتەوە بە پیرەزی نزانێت ، بەوشەویە دەکرێت هەخنەکان لە ئاسمانەوە داگیرین بە سەر زەوی ، هەخنە کان لە ئایینەوە دەبن بە هەخنە لە مافەکان ، هەخنەکان لە خوا ناسی و خواپەرستیەوە دەبن بە رەخنە لە سیاسەت.

-_____

بەشێک لە لێپرسینەوە کێی " هەخنە لە فەلسەفەی مافەکان لە لایەن هیگڵەوە"

وەرگێڕانی بە عەرەبی گۆڤاری "النقطة " چاپی باریس ۱۹۸۳ .
وەرگێڕانی بە کوردی : سەردار عەبدوڵا حەمە
۲۹/۱/۲۰۱۹

خۆشەویستی ... چرۆ زەند

وا خەریکم بەدوای سەبەرەکەتا دەگەڕێم
بۆ باخچەیدا دەڕۆم کە پەکەوە پیادەریشتین
دەچمە ڕێی قوتابخانەکەت، بەردەم ماڵی هاوڕێکانت
هەندێ جاریش بەشەقامەکاندا دەڕەم، کە پیاڵەشتوی
دەڕەم بە شوێنی کە تێی لێ بووی، نەبا بەڕێکەوت بچیتەوە
کەدەبینم کەس شوێی تێی هەیە، ڕادەوەستم
تا ئاوێ دەداتەوە، کە بەم دەرکەوت تەنیت
پاشەو پاش دەگەڕێمەوە.

چومە سەرچەم ورەخی دەریا، لەویش نەبوی!
جار جار گەڵ قوڵاغم دەرگاکەم بکەیتەوە
لەسەر خوانو لە بانیژەو ڕارەو دانیشتنی ژوورەکەدا
هەر وێنەی تێ دەبینم
لەسەر دەرگاو پەنجەرەو دیوارو دار ناوەکەت دەنوسمەوە

بەتەنیشتیەوە یەک وشە،
خەشم دەوێتتتتتتتتتتتتت

گۆران ٢٠١٦
zandchro@hotmail.com

هەناوە بە منداڵان.. پەپووڵە ڕەزا شوان ...

پەپووڵە

پەپووڵەی باڵ نەخشینم
جوان و ڕووخسار شیرینم
* * *
هەگری وەرزی بەهارم
شەیدای گوڵ و گوڵزارم
* * *
گوڵ و گوڵزار لە کوێ بێت
لە شاران یا لە دێ بێت
* * *
خەشی و شادیم لەوێیە
ماڵیشم وا لەوێیە
* * *
من بۆوەی بە زیانم
هەمن و نەرم و نیانم
* * *
کوردستانە بەهەشتم
شۆنی فڕین و گەشتم

سوید: ٢٠١٩